
# مەترسە.

ئەم ڕۆنیشانەکانت بپشکنە. شێرپەنجە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت ئەگەر زوو بگیرێت.

زانینی نیشانەکانی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە, ملی منداڵدان/منداڵدان و مەمک زۆر گرنگە بۆ زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی، کە دەتوانێت ڕادەی مانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات. ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییەکانی جەستە، وەک خوێنبەربوونی ڕوون نەکراوە، ئازاری بەردەوام، گرێ، یان دەردانی نائاسایی، دەتوانێت وا بکات زووتر داوای ڕاوێژکاری پزیشکی بکەیت.

دەستنیشانکردنی پێشوەختە لە ڕێگەی ئاگاداربوونی نیشانەکانەوە ڕێگە بە چارەسەری کاریگەرتر و کەمتر داگیرکەرانە دەدات، کە چانسی چاکبوونەوە باشتر دەکات و مەترسی ئاڵۆزییەکان کەم دەکاتەوە.



**ئەگەر لە هەر شتێک دڵنیا نەبوویت لەگەڵ پزیشکی گشتی قسە بکە**

بۆ دەستکەوتنی ئەم نامیلکەیە و زانیارییەکانی تر بە زمانێکی جیاواز تکایە کۆدی RQ سکان بکە

# ئەم ڕۆنیشانەکانت بپشکنە. شێرپەنجە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت ئەگەر زوو بگیرێت.

## شێرپەنجەی ڕیخۆڵە

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە ئەم RQ ـە سکان بکە یان پەیوەندی بکە بە پزیشکی گشتی

**هێڵی یارمەتی پشکنینی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە**
**0606 707 0080**

## شێرپەنجەی ملی منداڵدان (سمیر)

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە ئەم RQ ـە سکان بکە یان پەیوەندی بکە بە پزیشکی گشتی

**هێڵی یارمەتی پشکنینی شێرپەنجەی ملی منداڵدان**
**9100 208 8080**

## شێرپەنجەی مەمک

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە ئەم RQ ـە سکان بکە یان پەیوەندی بکە بە پزیشکی گشتی

**هێڵی یارمەتی پشکنینی شێرپەنجەی مەمک**
**8080 008 0006**

# پشکنین بکە. تاقیکردنەوە بکە. بیبەزێنە.

زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجە دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ڕیان

شێرپەنجەی ملی منداڵدان (سمیر)

شێرپەنجەی ڕیخۆڵە

شێرپەنجەی مەمک

**بەجێی مەهێڵە بۆ ئەگەر، پشکنین بکە، تاقیکردنەوە بکە، بیبەزێنە!**

## شێرپەنجەی ڕیخۆڵە

سالانە زیاتر لە 61 هەزار کەس لە بەریتانیا بەهۆی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە دەمرن.

شێرپەنجەی ڕیخۆڵە 3ـەم بەربلاوترین جۆری شێرپەنجەیە.پشکنین دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی ڕیخۆڵە یان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بدۆزرێتەوە, لەم کاتەدا چارەسەرکردنی ئاسانترە.

### نیشانەکان

- بەردەوام هەست بە ماندوێتی دەکەیت بەڵام نازانیت بۆچی
- خوێنبەربوون لە بنتەوە
- ئازارێک یان گرێیەک لە سکتدا
- گۆڕانکاری لە عادەتی پیسایییکردنتدالەوانەیە زیاتریان کەمتربیکەیت یان سکچوون یان قەبزیت هەبێت کە لەوانەیە بێت و بڕوات.
- لەدەستدانی کێش بەڵام نازانیت بۆچی

ئەگەر شتێک بۆ تۆ ئاسایی نەبوو، پەیوەندی بە پزیشکی گشتی بکە

### سکرینکردن

#### کیتی TIF

کیتی **tiF** دەنێردرێت بۆ ناونیشانی ماڵەکەت لە تۆمارەکانی پزیشکی گشتی. کیتەکە بە لێدانی چیلکەی سامپل لەسەر پیساییەکەت (**oop**) ئەنجام دەدرێت تاوەکو کۆتایی چیلکەکە دادەپۆشرێت پاشان دەیخەیتەوە ناو شووشەی سامپلەکە.بەروارەکە لەسەر شووشەکە بنووسە و لە هەمان ڕۆژدا لە زەرفە پێشەکیدراوەکە دایبنێرەوە

تەمەن 05-47 ساڵ | هەموو دوو ساڵ جارێک پشکنین دەکەن

تەمەن 57 ساڵ یان زیاتر — داوای پشکنین بکەن

## شێرپەنجەی ملی منداڵدان (سمیر)

8.99%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجەی ملی منداڵدان لە بەریتانیا دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت.

شێرپەنجەی ملی منداڵدان بەزۆری تووشی ئەو ژنانە دەبێت کە تەمەنیان لە خوار ٥٤ ساڵەوەیە. بەگشتی ڕوودەدات بەهۆی تووشبوون بە هەندێک جۆری مەترسیدار لە (VPH)

### نیشانەکان

- خوێنبەربوونی نائاسایی زێ
- دەردانی بۆنێکی ناخۆش لە زێ
- ماندوێتی بەردەوام
- خوێنبەربوون دوای سووڕی مانگانە
- ئازاری قاچ/کاسەی سمت
- ئازار و ناڕەحەتی لە کاتی سێکسدا
- لەدەستدانی کێش بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو

ئەگەر تۆ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا بانگهێشت کرایت بۆ پشکنینی ملی منداڵدان، بەپێی ڕۆژی لەدایکبوونت، دەتوانیت داوا لە پزیشکەکەت/پەرستارەکەت بکەیت کە ڤاکسینی VPH ت بداتێ.

ئەگەر شتێک بۆ تۆ ئاسایی نەبوو، پەیوەندی بە پزیشکی گشتی بکە

### سکرینکردن

#### سوابێکی بچوک

پشکنینەکە پێکدێت لە بەکارهێنانی فڵچەیەکی نەرم بۆ وەرگرتنی نمونەی خانە لەسەر ملی منداڵدان.

پشکنینەکە بۆ پشکنینی شێرپەنجە نیە، بەڵکو بۆ پشکنینی جۆرەکانی VPHـە.

تەمەن 52-94 ساڵ سێ ساڵ جارێك | تەمەن 05-46 ساڵ پێنج ساڵ جارێک

هەرکەسێک کە ملی منداڵدانی هەیە پێویستە بچێت بۆ پشکنینی ملی منداڵدان

## شێرپەنجەی مەمک

شێرپەنجەی مەمک بەربلاوترین شێرپەنجەیە لە niatirB, کە دەکاتە 51% ی حاڵەتەنوێیەکانی شێرپەنجە.

پشکنین ڕیانی یەک کەس لە شێرپەنجەی مەمک ڕزگار دەکات بۆ هەر ٢٠٠ ژنێک کە پشکنینیان بۆ دەکرێت.ئەمەش کۆی گشتی دەکاتە نزیکەی 0031 کەس کە ساڵانە لە شێرپەنجەی مەمک ڕزگاریان دەبێت لە بەریتانیا.

### نیشانەکان

- گرێ لە مەمکدا
- گۆی مەمک بەرەو ناوەوە دەچێت
- سووری و گەرمی
- ئاوسانی هەموو یان بەشێکی مەمک
- دەردانی خوێناوی
- گرێیەکی دیار لەسەر بنباڵ
- چاڵبوونی پێست
- کزانەوەی پێست یان گۆڕینی پێکهاتەی پێست

ئەگەر شتێک بۆ تۆ ئاسایی نەبوو، پەیوەندی بە پزیشکی گشتی بکە

### سکرینکردن

#### ماموٚگرافی (تیشکی ئێکس)

4 جار لەسەر 2 جار لەسەر هەر مەمکێک بە 1 یان 2 لەلایەن کارمەندێکی ژنەوە تەواو دەکرێت.

تەمەن 05-17 ساڵ سێ ساڵ جارێك | تەمەن +17 دەتوانێت خۆی ڕەوانە بکات

پشکنین نزیکەی 03 خولەک دەخایەنێت.